



# فەرهەنگی هەوری و چەند وردە تێبینییەک

زیاد ڕەشاد قادر

(هەوری- فەرهەنگی وشە و زاراوەكانی هەولێر و دەوروبەری)، كتێبێكی قەبارە مامناوەندیی ١٧٦ لاپەڕەییە و م. حەمەسالّح فەرهادی نووسیویەتی و سالّی ٢٠٢٥ بە سپۆنسەری بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بلاوكردنەوەی هەولێر، بە تیراژی دوو هەزار دانە لە هەولێر چاپ كراوە. وەک نووسەر لە پێشەكییە دوو لاپەڕەییەكەیدا ئاماژەی پێ داوە، فەرهەنگەكەی تایبەتە بە وشە و زاراوەكانی هەولێر و دەوربەری، دەشلّێت: «هەندێک لەو وشە و زاراوانە هەتا ئێستاش بەكاردەهێنرێن، بەلّام هەندێكیان بەكارهێنانیان كەم بووەتەوە، یان هەر نەماوە». بۆ ناوی فەرهەنگەكەش نووسەر بە كەلّک وەرگرتن لە دوو پیتی یەكەمی هەولێر و دوو پیتی كۆتایی دەوروبەری، لەسەر نەزمی خورمژ ناوی لێ ناوە هەوری، هەروەها نووسەر لە دانانی فەرهەنگەكەیدا، جگە لە ئەزموون و شارەزایی خۆی، سوودی لە نۆ فەرهەنگی كوردی- كوردی و سی و دوو كتێبی دیكە لە دەقی فۆلكلۆری و شیعر و ڕۆمان وەرگرتووە.

جگە لەوەی هەر وشەیەک هاوواتایەكەی خۆی بەرانبەری نووسراوە، هەروەها لێرە و لەوێ بۆ بەشێک لە وشەكان نموونە هێنراوەتەوە، یان كورتە ڕاڤەیەكی بۆ كراوە. دەتوانین بلّێین ئەو فەرهەنگە پشكدارییەكی گەورە لە ڕزگاركردنی كۆمەلّێک وشەی جوان و ڕەسەنی كوردەواری دەكات، كە نەوەی نوێ زۆر كەم پێی ئاشنان، لە نموونەی وشەكانی (خاوەبرژ، ئاوخۆرەوە، باخۆش، باقۆ، پەڕگە، سەنگۆ، سینگوڕک، عارەبەڕێ، قەشاویش و ...تاد)، هەروەها فەرهەنگنووس مانای كۆمەلّێک وشەشی نووسیوە كە لە بنجدا كوردی نین، بەلّكوو لە زمانانی دەر و دراوسێوە هاتوون و ئێستا ڕەنگ و بۆی زمانی كوردییان گرتووە و بوونەتە بەشێک لە وشە و زاراوەی كوردی. یەكێكی دی لە باشی و جوانییەكانی ئەو

فەرهەنگە، ئەوەیە کە هەڵەی چاپ و ڕێنووسی زۆر بە دەگمەن تێدایە، خۆزگە ئەو دەگمەنەش نەبووایە. لەگەڵ ئەوەش فەرهەنگی هەوری وەک هەر هەوڵێکی مرۆڤکرد و تاکەکەسی لە خەوش و ناتەواوی بەدەر نییە، کە ئێمە لەم چەند پەرەگرافەی خوارەوەدا تیشک دەخەینە سەر بەشێکیان.

هەندێک لەو وشانەی لە فەرهەنگی (هەوری) دا هاتوون لە بنزاری هەولێریێ و زمانی ئاخاوتنی هەولێردا ـ بە دەشتەکی و شارستانەوە ـ بەکار نەهاتوون و بەکار نایەن، وەک وشەکانی: ئادگار، بابۆڵە، بوورانەوە، پلار، تەلار، سایەقە، کوکوختی، هەتە و ...تاد، بەڵکوو لە بنزارەکانی دیکەی کوردیی ناوەڕاستدا هەن و لە زمانی نووسیندا بەکار دێن و هەمووماں پێیان ئاشناین.

وەک ئاشکراشە زۆربەی هەرە زۆری ئەو وشانەی لە بنزارەکانی کەرکووک، موکریان، سلێمانی و سنەدا، بە (ل)ی قەڵەو گۆ دەکرێن، لەنێو کرمانجەتیی دەشتی هەولێریێ بە (ڕ)ی سووک و لەنێو دانیشتوانە قەدیمییەکانی ناو سەنتەری شاری هەولێریش بە (ل)ی سووک دەردەبڕدرێن، کەچی فەرهەنگنووس بۆ نموونە لەباتی وشەکانی (بەرا، تەشقەرە، خارۆزا، خەرک، دەغەر، دۆمبەران، قۆر، مارات، مارنووستنان...)، هاتووە نووسیویەتی (بەڵا، تەشقەڵە، خاڵۆزا، خەڵک، دەغەڵ، دۆمبەڵان، قۆڵ، ماڵات، ماڵنووستنان...).

زۆرێک لەو وشانەی لەم فەرهەنگەدا هاتوون و لە هەولێر و دەوروبەری زێتر لە مانایەکیان هەیە، فەرهەنگنووس تەنێ مانایەک، یان دووانی نووسیون، واتای دووەم، یان واتای سێیەمی وشەکەی فەرامۆش کردووە. بۆ نموونە بۆ مانای وشەی (مزاش) نووسراوە (گەنم و جۆی تێکەڵکراو)، بەڵام مزاش بە مانای (ئاشانە، دەستهەقی ئاشەوان، ئەو کرێیەی بە ئاشەوان دەدرێ)ش دێت. بۆ مانای وشەی (گەشکە) نووسراوە (فێ – جۆرە نەخۆشییەکە)، بەڵام گەشکە بە مانای (گەشک، چەمۆڵە)ش بەکار دێ. بۆ مانای وشەی (کشتەک) نووسراوە (داو، یان بەنی گرێدراوی دوعا لەسەر خوێنراو)، بەڵام داوەبەنی دوعا لەسەر نەخوێنراویش هەر کشتەکە، واتە ئەو چەند داوەدەزووەی کە پێکەوە بادرابن لەبۆ تەزبێح و خەناوکەش هەر پێی دەگوترێ کشتەک. بۆ مانای وشەی (کەرخ) دوو مانا نووسراوە (نزیک، کەلێن) لەگەڵ (گڕ/ دەنگ کەوتن)، بەڵام بێ لە ئەم دوو مانایە، کەرخ مانای سێیەم و چارەمیشی هەیە، ئەوانیش (دەور، جێپەنجە، کاریگەری)، لەگەڵ (شوون، شوونپێ، شوێنپێ). بۆ مانای وشەی ڕەشکە دوو مانا نووسراوە، یەکەمیان (جۆرە تفەنگێک بوو)، دووەمیش (ڕەشباو، سیاوڵە)، بەڵام ڕەشکە بە مانای (شیلێف، شریف، جەواڵ، یان ئەو داوەمووە ڕێسراوەی کە لەبۆ گواستنەوەی کا و ئالیک بەکار دێ)ش هاتووە، پێشینانیش گوتوویانە: «لە خۆی نادا لە برای دەدا، لەوی وایە لە ڕەشکەی کایێ دەدا».

بۆ مانای وشەی (دۆراب)، نووسراوە (ئاو دەرهێنان لە بیر بەهۆی کەر و وڵاغەوە)، بەڵام هەر وشەی دۆراب بە دوو مانای دیش هاتووە، وەک (دۆڵاب، دۆلاب، ئەو سەندووقە دوودەرییەی کەلوپەلی تێدا هەڵدەگیرێت)، هەروەها بە مانای (ئاین و ئۆین، فێڵ)یش هاتووە. بۆ مانای وشەی (تاریکە سەڵات) نووسراوە (ئەو موسڵمانەی وازی لە نوێژکردن هێنابێت)، ئەمە بێ ئەوەی واتای دووەمی وشەکە بنووسرێت کە تاریکە سەڵات بە واتای (تاریکەشەو، شەوەزەنگ، شەوی ئەنگوستەچاو)یش هاتووە و زۆر جاریش

قەدیمییەکانی دەشتی هەولێرێ گوتوویانە: «تاریکە سەڵاتەکە چاو چاوی نابینی». بۆ مانای وشەی (قل) نووسراوە (دەنک، دانە)، بەڵام لە هەولێرێ قل بە مانای (کەپڵ، دنک، گراوی، یار، دولبەر)یش دێت. بۆ مانای وشەی (چێورمە) نووسراوە (دیواری دەوری گۆڕ، پەرژینی دەوری گۆڕ)، وەلێ لەپاڵ ئەم مانایە بە مانای (خەڵ، غەل)یش هاتووە، واتە دیوارێک لە کەڵەکەبەرد، یان لە شووڵ و دەوەن لە دەوری کانی و تاتەنوێژ دروست کرابێ، یان کرابێتە گەوڕ و حەوش لەبۆ داکردنی مەڕ و ماڵات.

بۆ مانای وشەی (ئێمەنی) نووسراوە (جۆرە پێڵاوێکی ڕەنگ قاوەیی بێ قەیتانی پیاوان بوو)، بەڵام بەگوێرەی زانیاریی ئێمە، ئێمەنی جۆرێک پێڵاو بووە و لە چەرمی سۆر دروست کراوە و زێتریش بۆ ئافرەتان بەکار هاتووە. (حەسەن حەیران)یش دەڵێ: «ئەوی دی خەزارە شۆڕی مەلا نەبینە/ ئێمەنی سۆرە گۆریەی چەلینە». بۆ مانای وشەی (بارکردن) نووسراوە (ماڵ گواستنەوە)، کەچی مانای دیکەشی هەن، چون بارکردن بە واتای (باڵکردن، باڵ بڕین، باڵ لێکردنەوە، پەڕ و باڵ بڕین) و بە مانای (بار بارکردن، کاڵا و کەلوپەل خستنە سەر باربەر)یش هاتووە، وەک لە تافی منداڵیماندا دەگوترا: «کەرەکەم بار کردییە، ئاگای لەخۆ نییە». بۆ مانای وشەی (پەرگە) فەرهەنگنووس نووسیویەتی کۆتایی، پاشان لەنێو دوو کەوانەدا بە ڕستەی (ماڵیان لە پەرگەی گوندییە) مانای وشەکەی ڕوونتر کردووەتەوە، بەڵام هێشتا بۆ خوێنەر زۆر ڕوون نییە، ئاخر پەرگە جگە لەوەی بە واتای (لاچەپ، لاپەڕ، سەرپەڕ، لای کۆتایی شار و دێ و گەڕەک و باخ و دارستان) دەگەیەنێت، دەشکرێ چەند کەس، یا گیاندار، یا چشت ڕیز کرابن، یان ڕیز بووبن، یان بە دەستە لە ڕۆیشتندا بن، ئەوجە ئەو کەس، یان گیاندار، یان چشتەی کەوتووەتە ئەمسەر، یان ئەوسەری ڕیزەوە، پێی بگوترێ لە پەرگەیە. لە فۆلکلۆری کوردیشدا هاتووە: «لە دێمەکاری ڕەت بووم/ کەندێ گۆمەخڕەیە/ تاقمە کیژەک ڕاڕۆین/ زێخەی من لە پەرگەیە».

ئیدی بەم شێوەیە وشەی (شین) بەتەنێ بە مانای شیوەن نایەت، بەڵکوو بە مانای ڕەنگی شینیش دێت. (شیر) وەک چۆن بە مانای شمشێر هاتووە، بە مانای شیری خواردنەوەش دێت. (شەکر شکاندن) ڕاستە وەک ئیدیەم بە مانای ناماقوڵی و قسەی خراپ دێت وەک فەرهەنگنووس بۆی چووە، بەڵام پێشی ئەوە بە مانای قەندشکاندنیش هاتووە. (خوار) وەک چۆن بە مانای (لار، چەوت) دێت، هەروا بە مانای (خواروو، ژێری، لای باشوور، نشێو)یش هاتووە. وشەی (چش) ڕاستە بە مانای (هیچ) دێت، بەڵام بە مانای (قیرپوسیا، قیرپسسی، فلقیر، چی دەبێ با ببێ)ش هاتووە. وشەی (ئۆخەی) جگە لەوەی وشەیەکە بۆ پێداهەڵگوتن بەکار دێ، هەروەها بە مانای (ژیکەڵە، قشتیلە، قشتۆکە)ش هاتووە. وشەی (بەقەستی) بە تەنێ بە مانای (بەمەبەست، بەئەنقەست) نایەت، بەڵکوو بە مانای (بە گەمە، بەگاڵتە، بە ناڕاست)یش دێت. بۆ مانای وشەی (پشک) نووسراوە (بەش)، بەڵام پشک بە مانای (پڕووشک، پریشک) و بە مانای (لەت، پارچە) و بە مانای (دڵۆپ، تنۆک)یش هاتووە، کە لە دەستەواژە بەکارهاتووەکانی هەولێرێ لە نموونەی پشکەباران و پشکەگۆشت و پشکەخیندا دەردەکەوێ. (تیر) هەر مانای خەست نییە، بەڵکوو بە مانای (خەدەنگ،

غەدەنگ)یش هاتووە. (شینبوونەوە) جگە لە واتای کەوتنە پێکەنینی زۆر، هەروا بە مانای (ڕوانەوە، سەوزبوونەوە)ش هاتووە.

بەشێکی دیکە لەو وشانەی کە لە فەرهەنگی (هەوری)دا هاتوون، ورد و دروست مانایان لێک نەدراوەتەوە، بۆ نموونە وشەی (شەشاگر) بە مانای دەمانچە نایەت، بەڵکوو جۆرێک دەمانچەیە کە شەش گوللە دەخوات. (قەمەرە) هاوواتای ترومبێل نییە، بەڵکوو جۆرێک ترومبێلی نزم و داخراوی نەفەرات، یان وەک دەڵێن جۆری صالۆنە. (عەوام) هاوواتای سەت لە سەتی وشەی خەڵک نییە، بەڵکوو مەبەست لە عەوام ڕەشەخەڵک و چینی نەخوێندەوار، یان نیمچەخوێندەواری کۆمەڵگەیە. ڕاستە ئەو کەسەی خزمەتی مەزار و گۆڕەکان دەکات، پێی دەگوترێ (مجێور)، بەڵام ئەوەی سایەد و خزمەتکاری پەرستگە و مزگەفتەکانیشە هەر پێی دەگوترێ مجێور. بۆ مانای وشەی (دەستی لێ هەڵگرت) نووسراوە (تەڵاقی دا)، بەڵام دەشێ دەستی لێ هەڵگرت مەبەست لێی وازهێنان لە خواردن، یان کارکردن، یان نووسین و ...تاد، بێ.

بۆ مانای وشەی (لچ) نووسراوە (لێوی خوارەوە)، بەڵام لچ لێوی سەرەوەیە. وشەی (ئەفنەش) بە (لووت کورت) لێک دراوەتەوە، بەڵام بە زۆری کە کەسێک کونەکانی کەپووی گەورە بن لە دەشتی هەولێرێ پێی دەگوترێ کەپوو ئەفنەش. بۆ مانای وشەی (عارەبەڕێ) فەرهەنگنووس بە (توولەڕێی باریک) لێکی داوەتەوە، بەڵام بەپێی زانیاریی ئێمە عارەبەڕێ بە واتای (ڕێگای سەرەکی، ڕێی پان و سەرەکی، شاڕێ) دێت، لەم دەقە فۆلکلۆرییەش ئەوەندەی بە مانای شاڕێ دێت، هێندە بە مانای توولەڕێ نایەت: «لە گوندی چوومە دەرێ/ گرتم عارەبەڕێیە/ تفەنگەکەم لە مستی/ خەریتەم لە پشتێیە/ هێ برا سەرم زۆر دێشی/ شیرن دەردی شەوێیە/ عەسرەک پێشی مەغریبێ/ گرتم عارەبەڕێیە». بۆ مانای وشەی (قاندڕ) نووسراوە (هۆگربوونی لەڕادەبەدەر)، لێ هێندەی ئێمە بەدووی مانای ئەم وشەیەدا گەڕابین، دەرکەوتووە واتای (دڕبەر و بەزەبر، ڕەق و زەبروەشێن) هاتووە، نەک ئەوەی فەرهەنگنووس بۆی چووە.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، من وەک خوێنەرێک جگە لە خوێندنەوەی ئەو فەرهەنگەی مامۆستا حەمەسالح فەرهادی، بەشی زۆری بەرهەم و چاپکراوەکانی دیکەی ویم بە وردی خوێندووەتەوە، هەرگیز ناتوانم خوانەخواستە ڕێگە بە خۆم بدەم لە بەهرە و شارەزایی و ئەزموون و لێهاتوویی ئەو قەڵەمە بەبڕشت و بەرهەمدارە کەم بکەمەوە، بەڵام پێم وایە ئەگەر هەندێک پشوودرێژتر و وردتر بە فەرهەنگەکەیدا بچووبایەوە و وەختی زۆرتری بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕاڤەی هەندێک لە وشەکان تەرخان بکردایە و لە ماناکردنی هەندێک وشەشدا پتر دڵنیا بووایەتەوە، ئەوجا چاپی بکردایە، ئەوە بێگومان بەها و پێزی فەرهەنگەکەی زێتر دەبوو. بە هەرحاڵ بە چاپ گەیشتنی ئەم فەرهەنگە پیرۆز بێ لە م. حەمەسالح فەرهادی و ئاخێوەرانی هەولێرێ و تەواوی خوێنەر و خوێندەواری کورد.